# دووبز..
# وەزارەتی بەرگری و کۆمپانیای نەوتی عیراقی ڕێگری دەکەن لەجێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان

- کەمی خزمەتگوزاری و نەگەڕانەوەی زەوییەکانیان هۆکارێکە بۆ دووبارە تەرحیلکردنی گوندنشینە کوردەکان
- تەندروستی لەم ناوچەیە لەبارودۆخێکی خراپ دایە










کاتێك سەردانی دووبزمان کرد لەلایەن تیرۆریستانەوە بە٣ گولە هاوەن هێرش کرابووە سەر قەزاکە، ئەمە جگە لەوەی جموجوڵی هێزەکانی فیرقە لەو سنوورەدا هەبوو، تێکچوونی بارودۆخی ئاسایش و کەوتنەوەی نائارامی لەناوچەکەدا زۆر زیادیکردووە لە دوای جووڵاندنی هێزەکانی سوپای عێراق و لەشکرکێشی ئۆپەراسیۆنی دیجلە، ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ مێژووی ساڵەکانی(١٩٦٣ و ١٩٧٤ و ١٩٨٠) کە ئەوکات لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هەموو گوندەکانی خاپور کران و، خەڵکەکەشی دەربەدەرکراون و عەرەبی هاوردەیان هێنایە سەر ماڵ و موڵك و گوندی کوردەکان، تەنانەت ٧ گوندی گەورەو کۆمەڵگایان بۆ عەرەبە هاوردەکان لەسنووری ناحیەی سەرگەڕان دروستکرد، هەر بۆیە قەزای دووبز بە دەروازەی تەعریب و تەرحیل دادەنرێت و تا ئێستاش لەهەموو خزمەتگوزارییەك پشت گوێخراوە. لەدوای ساڵی ١٩٩١یش ئەو پرۆژەو کارانەی لەم سنوورەدا ئەنجامدرا لەئاست ئەو کاولکاری و پێداویستیانەی ئەمڕۆدا نییە، ئەمە لەکاتێکدا تادێت ژمارەی دانیشتووانەکەی بۆ زیاتر لە ٤٦ هەزار کەس زیادیکردووە، ئەمەش وایکردووە هاووڵاتیانی سنوورەکە گلەیی و رەخنەیەکی زۆریان لەکارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان هەبێت، وەکو تیمی (گۆڤاری گوڵان) سەردانی قەزای دووبز و سنوورەکەیمان کرد و لە نزیکەوە چەند هاووڵاتییەکمان دواند کە گلەییان لە بواری پەروەردەو تەندروستی و خزمەتگوزاریی شارەوانی هەبوو، ئەو گلەیی و داواکاریانەی هاووڵاتیان و چەند پرسیارێکی ترمان لە (عەبدوڵلا نورەدین) قایمقامی قەزای دووبز کرد.









## هاووڵاتیانی دووبز:
## سەرەڕای پێشکەش نەکردنی خزمەتگوزاری لەشکرکێشی سەربازیشمان دەکرێتە سەر

سەرەتا سەبارەت بەلایەنی ئاسایش و دڵەڕاوکێی دانیشتووانەکە لە هەڵکشانی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی دیجلەو کەوتنەوەی دۆخێکی نائارمی لە ناوچەکە دایکی محەمەد دەڵێت: لەم چەند ساڵەی دواییدا لێرەو لەوێ چەند پرۆژەو کارێکی خزمەتگوزاری جێبەجێ کراوەو باری ئەمنی باشتر بوو، بەڵام بەهاتنی سوپاو کەوتنەوەی دۆخێکی نائارام لەناوچەکەماندا ئێستا زیاتر داواکاری خەڵکەکە پاراستنی لایەنی ئەمنی و نەهێشتنی هاتنی هێزەکانی سوپای عێراقە، کە بەتەئکید تیرۆرست و نائارامی بۆ ناوچەکەمان دێنن و دژایەتی کورد دەکەن. سەبارەت بەخراپی رەوشی تەندروستی و نەبوونی نەخۆشخانە لەدووبز لەگەڕەکی شەریکەی نەوت بەهادین ئەحمەد پێی وابوو نەبوونی نەخۆشخانە بەیەکێك لەو گرفتانە دادەنرێت کە رووبەڕووی دانیشتووانی دووبز بۆتەوە، بەرادەیەك وایکردووە بۆ چارەسەری تەندروستی رووبکەنە شاری هەولێرو کەرکووك، هەربۆیە ئەم هاووڵاتییە داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کرد گرنگییەگ بەکەرتی تەندروستی و دابینکردنی ئامێری پزیشکی بدرێت. هاووڵاتی عەلائەدین ئەنوەر گلەیی لەخراپی بواری پەروەردە کرد بەتایبەتی خوێندنی کوردی کە حکومەتی ناوەندی بەتەواوەتی ئەو قوتابخانانەی پشتگوێخستووەو تەنانەت لەناو بینایەی قوتابخانە عەرەبییەکاندان، عەلائەدین گلەیی ئەوەشی هەبوو کە دروستکردنی پردی نوێی ڕێگای پردێ و هەولێر زۆر دواکەوتووەو ئومێدی خواست خێرایی بکرێت لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە چونکە ئەم پردە دووبز دەبەستێتەوە بەهەولێرو کوردستانەوە. لەگەڕەکی شەهیدانیش قوتابییەکی عەرەب بەناوی سەلاح ئیبراهیم هەر سەبارەت بەهەمان گرفتی کەرتی پەروەردە باسی لەخراپی بواری قوتابخانەکان کردوو وتی : قوتابخانەکەمان گیرۆدەی چەندین گرفت بووە هەر لەکۆنی قوتابخانەو نەبوونی کورسی و پێداویستیەکانی تری قرتاسیەو خوێندن تا نەبوونی مامۆستای پێویست بەرادەیەك تا ئێستا وانەی بیرکاریمان نەخوێندووە. هاووڵاتییەکی تر بەناوی ئیبراهیمەوە سەبارەت بەخراپی ئاستی دابینکردنی پێداویستیەکانی قوتابخانە کوردییەکان پێی سەیر بوو حکومەتی هەرێم ئەو حاڵەتە بەو شێوەیە پشتگوێ بخات لەکاتێکدا لەسەرجەم عێراق زیرەکترین قوتابی لەم قەزایە بوو، یەکێك لەو گرفتانەی قوتابخانە کوردییەکان رووبەرووی بوونەتەوە نزمی ئاستی زانستییە، هاووڵاتی فەخرەدین نەجمیش باسی لەخراپی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی کرد بەتایبەتی









نەبوونی ئاوەڕۆ و رێکخستن و قیرتاوکردنی هەندێك کۆڵان و گەڕەك کە شەقامەکانیان تێکچوون، ئەم هاووڵاتییە ئاماژەی بەمەترسی تێکەڵبوونی ئاوەڕۆی دووبز بۆ ناو زێ کرد کە کار وابڕوات ئەو زێیە بەتەواوەتی پیس دەبێت. لەگەڕەکی کوردستانیش هاووڵاتی محەمەد مەلا حەمە نوور داوای لەحکومەتی هەرێم کرد خانوو بۆ خانەوادەی شەهیدان دروست بکرێت و ژمارەیەکیش لە خانووەکانمان بێ تاپۆن و دانیشتووانەکانی داوایان لەحکومەت کردووە خانووەکانیان بۆ تاپۆ بکەن، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەبووەو چارەسەر نەکراوە، ئێمە داوا دەکەین ئیدارەی قەزاکەو پارێزگاکەمان بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، چونکە حکومەتی بەغدا جگە لەوەی لەهەموو ڕوویەکی خزمەتگوزارییەوە دواکەوتووە هاوکات بەنایەکسانی ناڕوانێتە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و غەدر لەپارێزگایەکی دەوڵەمەند بەنەوت دەکات، ئەوەی ئێستا نوری مالیکی بەرامبەر بەناوچەکەمان دەیکات و هەڕەشەی سەربازیمان لەسەر دەکات هەمان کارەساتەکانی رابردووە لاسایی رژێمە شۆڤێنی و بکوژەکان دەکاتەوە، ئەوەتا تا بۆیان بکرێت لەنەتەوەی عەرەب دادەمەزرێنن و کوردەکانیش پشتگوێ خراون! هەر سەبارەت بەدامەزرانی عەرەبەکان و پشتگوێخستنی نەتەوەی کورد لەدامەزراندن بەتایبەتی لەکۆمپانیای نەوت هاووڵاتی عوسمان محەمەد وتی: کوردەکان لەکۆمپانیای نەوت دانامەزرێن چونکە دامەزراندن لەو کۆمپانیایە شێوازێکی شۆڤێنی وەرگرتووە. سەبارەت بەبارودۆخی خزمەتگوزاری لە گوندەکان هاووڵاتییەك پێی وابوو ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەگوندێکەوە بۆ گوندێکی تر دەگۆڕدرێت بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گرفتی تەندروستی و قوتابخانەیان هەیە، ئەمەش وایکردووە ئەو گوندانەی فەرامۆشکراون وردە وردە چۆڵ دەکرێت. کۆچکردنی گوندنشینەکان یا نەگەڕانەوەی کوردەکان بۆ چارەسەرنەکردنی گرفتی گەڕانەوەی زەوییەکانیان دەگەڕێتەوە لەمبارەیەوە هاووڵاتی محەمەد یاسین وتی: تا ئێستا یەك مەتر زەوی کشتوکاڵی بەپێی یاسا بۆ خاوەنەکانیان نەگەڕێنراونەتەوەو زۆر زەوی کشتوکاڵیش هەیە هەر بەداگیرکراوی ماوەتەوە ئەمەش وایکردووە گوند هەیە تەنیا یەك ماڵی تێدایەو ئەوانی تریش وەکو گوندەکانی مەلحەی کوردان و عەلەخێ و شیرناو هەروەها تەقتەق تەنیا ٤ ماڵی تێدایە هەر سەبارەت بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان ژمارەیەك لە هاووڵاتیان مەترسی ئەوەیان نەشاردەوە کە بەو پێیەی ئاویخواردنەوەیان لە ئاوی زێ وە بۆ دێت و زێیەکەش ئاوەڕۆی قەزاکانی پردێ و تەقتەق و دوکان و قەڵادزێ و رانیەو چوارقورنەی لەسەرە هەربۆیە مەترسی ئەوەیان هەیە لە رووی تەندروستیەوە خراپ بێت.



### قایمقامی قەزای دووبز بۆ(گوڵان):

# کەموکورتی کەرتی پەروەردەی کوردی لەناوچەکەمان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە

**بۆ بەدواداچوونی زیاتر لەسەر کەموکوڕییەکان و چۆنیەتـی چارەسـەرکردنیان سـەردانی قایمقامیەتمـان کـردوو لەلایـەن عەبدوڵا نورەدین قایمقامی دووبز بەڕاشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە .**

### کێشەی زەویو زار هەیە

سەرەتا سەبارەت بەگرنگی ناوچەکە بەتایبەتی لـەرووی ئابوورییەوە قایمقامی قەزای دووبز وتی: ناوچەی دووبز بە ناوچەیەکی ئابووری گرنگ و سـتراتیژی دادەنرێت، سـنووری قەزای دووبز بەچاڵە پێترۆڵی و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباو بەنداوو زەوی کشتوکاڵی و ناوچەیەکی گەشتوگوزاری ناسراوە، ئەمە جگە لەبوونـی پرۆژەی ئاودێری کە توانای ئاودێری زۆری هەیە، بەڵام جێی داخیشە تا ئێستا دانیشتووانەکەی هیچ سوودێکیان لەو سـامانە نەوتییە وەرنەگرتووە، چونکە رژێمە یەك لـەدوای یەکەکانی عێـراق لەبەر ئەو سامان و سـتراتیژییەتەی ناوچەکە دژایەتی پارێـزگای کەرکوکیان بەگشـتی کردووەو شارۆچکەکەشمان پشکی زۆری لەم دژایەتییە بەرکەوتووە، بوونی ئەو پرۆژە ئاودێرییانەش بۆ مەبەستی سـوود وەرگرتن نەبوو بۆ خەڵکی جووتیـاری کورد بەڵکو بۆ پاڵپشـتیکردنی پرۆسەی تەرحیل و تەعریب و نیشتەجێکردنی عەرەبەکان بوو لەناوچەکانی حەویجەو حەمرین و دوزخورماتوو، ئێسـتا زۆربەی ئەو پرۆژەو کارانـەی کە دەمانەوێـت لەدووبز جێبەجێی بکەین لەلایەن سـوپای عێراقی و وەزارەتی بەرگـری و کۆمپانیای نـەوت و وەزارەتی کارەباوە رێگریان لـێ دەکرێت، چونکە زۆر لەو زەوییانەیان دەکەونە ناو سنووری شارەوانی دووبزەوە کـراون بە موحەرەماتـی نەوت یا موحەرەماتی وەزارەتی بەرگری، پێمان سەیرە لەم شـارۆچکەیە نەوت و کارەبا بەرهەمدێت لەبری پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری کەچی ئەوان رێگرن لە ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگـوزاری. ناکرێـت دەسـت بۆ هەر زەوییـەك ببەیت بەمەبەسـتی ئەنجامدانی پرۆژەیەکـی خزمەتگوزاری ئەوان بەبیانووی موحەرەماتی نەوتی یا سـوپاوە رێگری لە پێشکەشـکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە بکەن کە ئەمڕۆ هاووڵاتیان زۆر پێویستیانە. بەپێی ئەو ماستەرپلانە بێت کە تا ٢٥ ساڵ بۆ دووبز دانراوەو قەزاکە فراوانی بەخۆوە دەبینێت هەتا ئەمڕۆ لەزەویی شـارەوانی کار دەکەین بەڵام لەچەند ساڵی داهاتوو لەگەڵ فراوانبوونەکە کێشـەکە بەتەواوەتـی سـەرهەڵدەدات، بۆ نموونە نەخۆشـخانەیەکی ١٠٠ قەرەوێڵەیی لەناوچەی نمرە هەشـت دەرچووە کە خراوەتە ناو پرۆژەکانی ٢٠١٣وە، بەڵام دەکەوێتە ناو شوێنی موحەرەماتی نەوت ناچار شوێنەکەمان گواسـتەوە . ئەو پرۆژانەی کە ئەنجام دراون بەپێی ئەو بودجەیە جێبەجێ کراوە کە هەبووە، کـە پێش پێتـرۆ دۆلار زۆرترین بودجە ١١٤ ملیار دینار بووە و ئێستا ٥٨٠ ملیار دینارە، هەربۆیە لەمسـاڵ و ساڵی داهاتوو پرۆژەی باش لەدووبز ئەنجـام دەدرێت لەوانە پرۆژەی پـردی دووبز کە بەرێـژەی ٥٥٪ کاری تێدا کراوەو رۆڵی گرنگی دەبێت بەبەسـتنەوەی دووبز بەهەولێرو موسڵەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەو پردە کۆنەی ساڵی ١٩٥٤ دامەزرابوو تەنیا بۆ کۆمپانیای نەوت بوو مەترسی رووخان و ئاگرکەوتنەوەی لێدەکرێت چونکە بۆری غازی پێدا تێپەڕ دەبێت . هەر سـەبارەت بەکێشەی موڵکداریـش قایمقامی دووبـز وتی: دوای پرۆسەی ئازادی عێراق خەڵکە تەرحیلکراوەکە گەڕاوەتەوە سەر زەوی خۆی بەڵام بەرەسمی زەوییەکانیان نەگەڕاوەتەوە، هەربۆیە لەهەموو ئیمتیازێکی قەرزی کشتوکاڵی و پێدانی تۆو پەین و شتی تر بێبەشە،دەستەی موڵکداریش

**قوتابخانە کوردییەکان لەدووبز میوانی قوتابخانە عەرەبییەکانە**

**داوا لە سەرۆکایەتی هەرێم دەکەم دوو پرۆژەی قوتابخانەی ١٨ پۆلی و بنکەیەکی فریاکەوتنی خێراو نەخۆشخانەیەکی منداڵبوون بۆ هاووڵاتیانی دووبز جێبەجێ بکات**

تا ئێستا نەیتوانیوە هیچ کێشەیەك چارەسەر بکات و ناشتوانێت .

### هێزی دیجلە بەتووندی ڕەت دەکەینەوە

سەبارەت بەدەنگۆی هاتنی ئۆپەراسیۆنی هێزی دیجلە بۆ ناوچەکە قایمقامی دووبز ئاماژەی بەوەدا کە پێش جموجوڵەکانی ئەم دواییەی ئۆپەراسیۆنی دیجلە فریقەی ١٢ی سوپای عێراق لەسنووری ناوچەکەماندا بوونی هەبووە، هاوکات نزیکترین خاڵی سوپای عێراق لە ئێمەوە لیوای ٤٩ و ٤٧ کە تا ئێستا هیچ کێشەیەکمان لەگەڵیاندا نەبووە و شوێنی خۆیان نەگۆڕیووە لەکۆبوونەوە ئەمنییەکان بەشدارن لەگەڵماندا، بەڵام وەکو ئیدارەی دووبزو خەڵکی قەزاکە هێزی دیجلە بەتوندی ڕەت دەکەینەوە، گەرچی لەناوچەی نێوان سابوونچی و مەلاعەبدوڵا لەسنووری قەزای دووبزو ناحیەی مولتەقا هێزی دیجلە لەشکرکێشی کردووەو هاتوونەتە پێش و چەند تۆپێکیشیان دامەزراندووە . ئەمەو قایمقامی دووبز ئەوەی ڕوونکردەوە کە لەسنووری دووبز هیچ کێشەیەکی ئەمنی و تیرۆرستی نەبووە و هەمووو پێکهاتەکانی کوردو عەرەب و تورکمان کێشەو گرفتیان لەنێواندا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەو لەشکرکێشییەی سوپای عێراقی و ئاڵۆزکردنی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان لێرە لەوێ چەند کارێکی تیرۆرستی سەریهەڵداوە وەکو ئەوەی لە هەفتەی ڕابردوودا چەند گولە هاوەنێك نرا بە شارەکەمانەوە بۆ شێواندنی بارودۆخەکەیە کە بەکاتێکی ناسک و هەستیار تێپەڕ دەبێت.

### نەبوونی تاپۆو کێشەی خانووە داگیرکراوەکانی کورد

سەبارەت بەوەی تاچەند توانراوە کێشەی خانووە بێ تاپۆکان چارەسەر بکرێت قایمقامی دووبز گوتی: قەزاکەمان وەکو هەموو ناوچەکانی تر بێبەش نییە لەکێشەی تاپۆ، بەتایبەتی کە لەکاتی هەڵمەتی تەرحیلکردنی کوردەکان لەقەزاکەمان تاپۆ نەبوو لێرە لەساڵی ١٩٨١ دەست بەتاپۆکردنی خانوو زەوی کراوە، هەربۆیە کاتێك ئەوانەی دەرکرابوون و گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان سەرەتا بەپێی بڕیاری دادگا درایەوە بەخاوەن موڵکەکەو لە داگیرکەرەکە سەندرایەوە بەڵام کاتێك چووە بەغداو کرا بەتەمیز لەوێ موسادەقەیان لەسەر نەکرد، نەگەڕانەوەی خانووە داگیرکراوەکانی کورد مەسەلەیەکی سیاسییەو لەبەغدا دەستیان تێوەرداوە، هەربۆیە ئێمە نووسراومان بۆ جەنابی پارێزگا کردووەو هەموو دۆخەکەمان بۆ ڕوونکردۆتەوەو لە پارێزگاش بەرزکرایەوە هەربۆیە تا دەستێوەردانی سیاسییانە لەبەغدا دژی مافی خوراوی هاووڵاتیانی کورد هەبێت هەموو ئیجرائاتێك ڕادەگرین، چونکە ئێمە خۆمان خەڵکی ئەم قەزایەین و بەزوڵمی دەزانین کەسانێك لەخانووەکان دەربکرێن، کە موڵکی خۆیانەو چەندین ساڵ زوڵمیان لێکراوە و ئێستاکە دووبارە زوڵمیان لێناکەینەوە جارێکی تر دەریان بکەینەوە.

### کەرتی کشتوکاڵ

سەبارەت بەکەرتی کشتوکاڵی و فەرامۆشکردنی جوتیارە کوردەکان لەهەموو یارمەتی و هاوکارییەك کە حکومەتی بەغدا پێشکەشی جوتیارە عەرەبەکان دەکات قایمقامی دووبز گوتی: تا ئێستا ١٥ پرۆژە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دووبز جێبەجێ کراوە، بەڵام ئێمە خۆمان بەکوردستانی دەزانین بۆیە ئێمە چاوەڕێی پرۆژەو کاری زیاترین، دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو پێیەی دووبز کوردستانییەو ناوچەیەکی ستراتیژییە بۆ هەرێمی کوردستان پرۆژەی کشتوکاڵیمان بۆ بکات یا جوتیارەکانیشمان کە گەڕاونەتەوە سەر زەوییەکانیان و بەغدا زوڵمیان لێدەکات و قەرزی کشتوکاڵییان ناداتێ با حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرزی کشتوکاڵی بدات، لەو ١٠ ساڵەدا هەر ساڵی چەند جوتیارێك تۆو گەنم و خانووی بلاستیکی و قەرزی کشتوکاڵی پێبدایە ئێستا زۆربەی جوتیارەکان لەهەرێمەکەی خۆیان سوودمەند دەبوون لەکاتێکدا حکومەتی بەغدا جوتیارەکانی دووبزی لەهەموو هاوکاری و یارمەتییەك بێبەش کردووە بڕوا بکەن بڕیارەکانی حکومەتی ناوەندی هیچی کەمتر نییە لە بڕیارەکانی ڕژێمی بەعس تەنیا ژمارەی نووسراوەکە گۆڕدراوەو ناوەڕۆکەکەی هەمان شێوەیە.

**لەناوچەی نێوان سابوونچی و مەلاعەبدوڵا هێزی دیجلە لەشکرکێشی کردووەو هاتوونەتە پێش و چەند تۆپێکیشیان دامەزراندووە**

**بەپێی ئەو ماستەرپلانە بێت کە تا ٢٥ ساڵ بۆ دووبز دانراوەو قەزاکە فراوانی بەخۆوە دەبینێت. ڕووبەڕووی کێشە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری و نەوت دەبینەوە**

### دامەزراندن لەکۆمپانیای نەوت و وێستگەی کارەبا

سەبارەت بە نەبوونی دامەزراندن بۆ کارمەندە کوردەکان بەتایبەتی لەهەردوو کۆمپانیای نەوت و کارەبا قایمقامی دووبز پێی وابوو: دانەمەزراندنی کوردەکان بەتایبەتی لەکۆمپانیای نەوت بۆ ئەو بڕیارە مەرکەزییانە دەگەڕێتەوە کە شۆڤێنیتی



تێدایە، ئەوەتـــا لەکۆمپانیای نەوتی باکوور کۆمەڵێـــك کـــەس دامەزراوە کـــە زیاتر لە ٨٠٪ی عەرەبن، من پێم ســـەیرە کۆمپانیای نەوتو کارەبا سەر بەکەرکووك نییە و لەلایەن کۆمپانیای نەوتی شـــیمالەوە دەبرێت بەڕێوە و بەئـــارەزوو بەپێی پیلانی خۆیان بەڕێوەی دەبەن.

**قوتابخانە کوردییەکان و ئاستی پەروەردە**

ســـەبارەت بەکەموکوڕی کەرتی پەروەردە بەتایبەتی پەروەردەی کوردی قایمقامی دووبز

**لیژنەی نووسینگەی دەستەی داواکاری کێشەی موڵکایەتی یەك داواکارییان جێبەجێ نەکردووە**

هۆشداری دایە لایەنی پەروەردە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کە بارودۆخی پەروەردەی کوردی و قوتابخانە کوردییەکان زۆر خراپن و بەراستی کەموکورتی کەرتی پەروەردەی کوردی لەناوچەکەمان دەکەوێتە ئەســـتۆی حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان، ناکرێت لەگـــەڵ زیادبوونی ژمـــارەی قوتابیان و گۆڕانـــکاری لەمەنهەجدا هیچ هەنگاوێك نەنرێـــت قوتابخانـــە کوردییـــەکان لەدووبز میوانی قوتابخانە عەرەبییەکانە، بۆ نموونە لەقوتابخانـــەی خـــەزرەج قوتابخانەی کاوە لەوێ دەوام دەکەن لەجابر ئەنساری قوتابخانی

کوردی ئەهرازی بەسەرەوەیە، لەرووی کادیرو مامۆستاشەوە ساڵانە نەچوون لەپەیمانگاو زانکۆکان چەند کورسییەکی بۆ قوتابیەکانی ئێمە تەرخانبکردایە تاوەکو لەدوا رۆژدا ببنە مامۆستا لەپسپۆرایەتییە جیاجیاکان و بێنەوە خزمەت بەنەتەوەکەیـــان بکەن و پەروەردەی کـــوردی پێش بخەن. ناکرێـــت لەوەرگرتنی قوتابیان لەزانکۆکانی کوردستان ئەم ناوچە دابڕێنراوانە فەرامۆش بکرێت. تۆ ســـەیری ئەم سیاســـەتە بکە بۆ پێشخستنی کەرتی پەروەردەی کوردی قوتابییەکانمان بەکوردی دەخوێنن کەچـــی زانکۆکانی کوردســـتان وەریان ناکرێت ئیتر چۆن ئاســـتی زانستی ئەو قوتابیانە بەرز دەبێتەوە.

لەکۆتاییـــدا قایمقامی دووبـــز وتی: کاتی ئەوەهاتووە ئاستی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی هەرێمی کوردستان لەم ناوچەیەدا فراوانترو زیاتـــر بکرێـــت چونکە بەغـــدا ڕێگرە لە پێشـــکەوتنی ناوچەکەمـــان، دووبـــز تـــا ئێســـتا بنکەیەکـــی فریاکەوتنـــی خێراو نەخۆشـــخانەیەکی منداڵبوونـــی لێ نییە، ئێمە دەستخۆشـــی لە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دەکەین کە بـــۆ گەرمیان کارو ئیش دەکەن بـــەڵام قەزاکەی ئێمەو هەردوو ناحیەکەمان پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەیە، من نامەوێت هاووڵاتیانی دووبز هەست بەوە بکەن کە جیاوازن بەراورد بەگەرمیان و مەخموورو ناوچە دابڕێنراوەکانی تر هەیە، هەربۆیە داوا لەســـەرۆکایەتی هەرێم دەکـــەم گرنگیەکی زیاتر بەناوچەکەمان بدات و دوو قوتابخانەی

١٨ پۆلـــی و بنکەیەکی فریاکەوتنی خێراو نەخۆشـــخانەیەکی منداڵبـــوون بکاتەوە کە بەیەکێك لە پێداویســـتییە ســـەرەکیەکانی خوێندنی کـــوردی و هاووڵاتیان دادەنرێت، هەروەها داواکارم هاووڵاتیانی سنوورەکەمان لە پێشـــەکی خانووبەرەو هاوسەری بێبەش نەبێـــت لەکاتێکـــدا بۆ هەندێـــك ناوچەی دابڕێنراو هەیە کەچی بۆ سنووری ئێمە نییە، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردســـتان کۆلێژی کشتوکاڵ ناهێنێتە ئەو دارستانە گەورەیە کە

**خانووی کوردەکان کە لە ساڵی ١٩٧٤ ەوە داگیرکراون، هەر بەناوی عەرەبە هاوردەکانە**

لەناوچەکەدا وێنـــەی نییە و ٢٧٩٩ دۆنمە لەساڵی ١٩٦٤ دامەزراوە، ناوچەکەمان بەو پێیەی کەوتۆتە نێـــوان هەولێرو کەرکووك و ناوچەیەکی گەشتیاری جوانە دەکرێت چەند پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی گەشـــتیاری تێدا ئەنجام بدرێـــت،. لەبواری ڕێگاوبان لەنێوان دووبزو کەرکووك دوو سایت دروست دەکرێت کەچی بۆ هەرێمی کوردستان و هەولێر هەر یەك ڕێگای کۆنە.

جێی داخیشە ئەمســـاڵ بۆ ٢٠١٣ لەلایەن حکومەتـــی هەرێمـــەوە بەڵێنـــی هیـــچ پرۆژەیەکمان بێ نەدراوە.

